

# ئایینی مێدیاکان

مێدیاکان زەردەشتی بوون. زەردەشت پێغەمبەری کورد و پارسەکان بووە و لە ساڵی شەسسەدوشەشی پێش زاییندا لە نزیک شاری ورمێ (هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە دایک بووە. مێدیاکان بە ئایینی زەردەشتی قایل بوون. ناوی پەرتووکە پیرۆزەکەی زەردەشت ئاڤێستایە، ئاڤێستا لە سەر چەرمی ئاژەڵ نووسراوە.

لە ئایینی زەردەشتدا دوو شتی بنکەیی و گرنگ هەیە، ئەویش : ڕووناکی و تاریکیە.

بەپێی ئەو باوەڕە خۆر و ئاگر دروشمی ڕووناکین و ڕووناکی خێرە و ڕاستییە. پیاوەتی، ڕاستی، پاکی، میوانداری، خوو و ڕەوشتی پاک کە چەن لایەنی باشی کوردانن، لەو ئایینەدا جێگای تایبەتی و بە نرخیان هەیە. بە پێی ئەو باوەڕە ڕۆژ و ڕووناکی پیرۆزن. هەروەتر شەو، تاریکی، مردن، فروفێڵ، درۆ و دوو ڕوویەتی، کووشتن و شەڕ لە ناو کورد و ئایینی زەردەشتدا نیشانەی خراپین و مرۆڤ دەبێت خۆیان لێ بپارێزێت.

Copyright © Kurdi.fi

بە پێی ئەو ئایینە دوو لایەنی باشی و خراپی دوژمنی یەکترن و بەردەوام لە گەڵ یەکدی لە شەڕدان..

بیروباوەڕی کوردی یەزیدییش لە ئایینی زەردەشتەوە هاتووە، بەڵام تاکوو ئێستا گەلێک گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. کورد لە سەرەتای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامدا بە ئاسانی بە دینی ئیسلام قایل نەبوون، بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتانی دەوروبەریان بوون بە ئیسلام، لە دواییدا، کوردیش ناچار بەو ئایینە قایل بوون و بوونە موسوڵمان.

زۆربەی کوردان هەزاران ساڵە دەستیان لە ئایینی زەردەشت بەرداوە و بە ئایینی ئیسلام قایل بوون.

بەڵام تاوکوو ئەمڕۆش گەلێک بیرو باوەڕی بنچینەیی ئایینی زەردەشت لە ناو کورداندا ماون. کورد ئێستاش ئاگر و ڕۆژو ڕووناکی بە شتێکی پیرۆز دەزانن و سوێندیشی پێ دەخۆن. بۆ نموونە ئاگری نەورۆز لای کوردان ئازادی و ڕووناکی و ئاشتی و سەرفەرازیە..

- بیر بکەوە و وڵام بدەوە:

1. باپیرە گەورەی کوردان لە سەر چ ئایینێک بوون؟ ئەی کورد ئێستا لە سەر چ ئایینێکە؟

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................

.................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

* بیر لە وانەکە بکەوە و سێ دانە پرسیاران بینەوە و پاشان وەڵامی پرسیارەکان بنووسەوە:

1. ..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

2. ..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

3. ..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................

..............................



Copyright © Kurdi.fi